# کاریگەری پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران لەسەر ڕەوشی تەندروستی و خوێندن لە کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مێژووییە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ – ١٩٤٥ )

دارا توفیق کاکەأمین، سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
daratofiq@uor.edu.krd
لقمان برایم احمد، بەشی مێژوو، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
luqmanBraimAhmad@uor.edu.krd

## پێشەکی

**گرنگی هەڵبژاردنی توێژینەوە:** لەکاتی هەڵبژاردنی توێژینەوەدا پێویستە توێژەر بەدوای بابەتێکی گرنگدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکات و بیکاتە سەرچاوەیەک، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا سوودی لێ ببینێت، بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەیەکمان لەسەر ڕەوشی تەندروستی و خوێندن لە کوردستانلە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی تورکیا و ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣- ١٩٤٥ بە پێویست زانی.

هەروەک دیارە ئەو دوو لایەنە لە ژێر کاریگەری ئەو دوو دەوڵەتە لە ڕەوتی پێشکەوتن دابڕان و ئاوڕیان لێ نەدرایەوە، لایەنی تەندروستی لە ناوچە کوردیەکانی بە بەراورد بە ناوچە تورک و فارس نشینەکان لە ناو هەردوو دەوڵەت زۆر دواکەوتوو بوو، ڕەوشی خوێندنیش باشتر نەبوو لە ڕەوشی تەندروستی، هەردوو دەوڵەت بە ئامانجی تواندنەوەی گەلی کورد لە بۆتەی تورک و فارس، خوێندن و پەروەردەیان بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردیەکان قەدەغە کرد، ئەمەش بابەتێک بوو پێویستی بەوە دەکرد توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی هەڵوێستی هەردوو دەوڵەت لەو ماوانەدا لە ئاست کێشەی کورد لە ڕووی تەندروستی و خوێندن بخرێتە ناو لاپەڕەکانی مێژوو.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

**ئامانجی توێژینەوە:** بێگومان هەر توێژینەوەیەک ئامانجی خۆی هەیە، ئامانجی ئێمەش لەو توێژینەوەیە خستنە ڕووی ئەو ڕووداوانەیە کە لەژێر کاریگەری هەردوو دەوڵەت، دۆخی تەندروستی و خوێندنیان بەرەو دواوە بردبوو، ئەمەش پێویستی بەوە دەکرد ئەم دوو لایەنە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستی بخرێنە ڕوو.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەو توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی مێژوویی بەکار هاتووە، لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کاریگەرییان هەبووە لەسەر دۆخی تەندروستی و خوێندن، بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکانیش سەرچاوەی پێویست بەکار هاتوون.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو باس پێک هاتووە، لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:
"کاریگەری پەیوەندیەکانی تورکیا و ئێران لەسەر ڕەوشی تەندروستی و خوێندن لە کوردستاندا" ئەم بابەتە کراوە بە دوو باس، باسی یەکەم تایبەتە بە ڕەوشی تەندروستی و بەگوێرەی پێویست باسی ئەو لایەنە کراوە لە ژێر کاریگەری هەردوو دەوڵەت، لە باسی دووەمیشدا لایەنی خوێندن خراوەتە ڕوو کە چۆن لە ژێر کاریگەری تورکیا و ئێران ئەو لایەنە پاشەکشێی کردووە، هەردوو دەوڵەت بە ئامانجی تواندنەوەی گەلی کورد خوێندن و پەروەردەیان بە زمانی کوردی قەدەغە کردبوو.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرین، کە ئەم توێژینەوەیە بێ کەموکوڕی نیە، ئەگەرچی هەوڵێکی زۆر درا بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانە، بەڵام ئەو ئامانجە تەواو نەهاتە دی، هەرچەندە هەندێک لە کەموکوڕیەکان لە پێزانین و توانای توێژەران بەدەر نین، بەڵام هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێکی زانستی بچوک پێشکەش بکەین، لە ڕێگەی شۆڕبونەوە بە قوڵایی دیرۆکی ناوچەو شوێنەکانی کوردستان.

**کلیلە وشە: تەندروستی، خوێندن و فێرکردن، کۆمەڵایەتی، پەیوەندی نێودەوڵەتی، کاریگەری سیاسی**

## باسی یەکەم: بارودۆخی تەندروستی

کوردستان بەهۆی سەختی و سەرما و بەستەڵەکەوە بەدرێژایی مێژوو توشی گرفتێکی زۆری تەندروستی بۆتەوە، بۆیە ژیان لە کوردستان تەنها نەخۆشی و دەردو پەتا، پەردەی چاو، سیل، مەلاریا.....هتد نەبوو، بەڵکو پڕ بووە لە کارەسات و ترس، ئەم ترسە بەهۆی ئاژەڵە جۆربەجۆرەکانەوە بوبێت یاخود سەختی ناوچەی شاخاوی یان شەڕو ئاژاوەی نێوان هۆزەکان،بەڵام نەبوونی پزیشک و داو و دەرمانیش گرفتێکی زۆری بۆ دانیشتوان دروست کردبوو(تۆمابو، 1980، ل172-173). لایەنی تەندروستی لە سەردەمی میرنشینەکانی سەدەی ١٩ زۆر خراپ بووە، بڵاو بوونەوەی نەخۆشی یەکجار زۆر بوو، بەتایبەت نەخۆشی ئاوەڵە، کوتانیش دژی ئەم نەخۆشیانە نەگەیشتبووە ناوچەکە(کلۆدیۆس جێمس ریچ، 2002، ل110، 130)، بۆیە خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەو پەتایە دەمردن(بەدرخان سندی، 2008، ل600).

ژیان لە گوندەکانیشدا ئەوەندەی تر نەخۆشی و پەتای زیاتر بڵاو کردبووەوە، چونکە خانوەکان هیچ مەرجێکی تەندروستیان تێدا نەبوو، خەڵکی ئاژەڵەکانیشیان لەناو خانووەکانیدا بەخێو کردووە(شاکر خەسباک، 2005، ل60)، نەبوونی پزیشک و داوو دەرمان وای لە دانیشتوان کردووە پەنا ببەنە بەر پزیشکە میللیەکان، کە شارەزا بوون لەبواری بەیتاری، یاخود ئەو کەسانەی شارەزاییەکی باشیان هەبوو لە دروستکردنی دەرمانی کوردەواری لە گژوگیا، جگە لەوە، چەند ڕێگایەکی تری مەعنەوی هەبوون کە خەڵکی پەنایان بۆ بردووە ئەویش نزاو پاڕانەوە بوو یاخود نوشتەو جادوگەری(کامەران محەمەد حاجی، 2007، ل54-56)، هەندێک جاریش خەڵکی بۆ چارەسەری نەخۆشی پێست و ڕۆماتیزم پەنایان بردۆتە بەر کانیاوە سروشتیەکان(زرار صدیق تۆفیق، 2014، ل183). بەگشتی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕەوشی تەندروستی زۆر خراپ بوو، بەناچاری هەر گەڕیدەیەکی بیانی ڕووی لە گوند و ئاواییەکانی کوردستان کردبا، لیی کۆ دەبوونەوە و داوای دەرمان و چارەسەری پزیشکیان لێ دەکرد(ئامانج ئەحمەد مستەفا، 2017، ل263).

لە کۆتایی ساڵانی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانی، وێڕای بێ هێزی دەوڵەت، ڕەوشی تەندروستیش بەردەوام لەپاشەکشێدا بوو، چونکە حکومەت لایەنی تەندروستی فەرامۆش کردبوو، لەساڵی ١٨٩١ لەماوەی یەک ساڵدا حکومەت تەنها ٦٠٠ قڕوشی بۆ لایەنی تەندروستی تەرخان کردبوو، لەکاتێکدا بڕی خەرجکراو بۆ جەندرمەو پۆلیس گەیشتبووە ٨٨٦٠١٤ قروش (ئاکۆ


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

عەبدولکەریم شوانی، 2002، ل67)، ئەمەش وای کردبوو چەندین نەخۆشی وەک مەلاریا، بەلهارزیا، بەدخۆراکی، گرانەتاو ڕشانەوە بڵاو ببنەوە، جگە لەوەی ساڵانە خەڵکێکی زۆر بەهۆی نەخۆشی ئاوەڵە دەبوونە قوربانی(ڕۆژنامەی پێشکەوتن، 1992، ل4). نەبوونی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و پسپۆڕی پێویست وایکردبوو، هەندێک کەس دەست بدەنە ئەم کارانە، بۆ نموونە، دەلاکەکان وێڕای سەروڕێش تاشین، منداڵیان خەتەنە دەکرد و برین و سوتاویان تیمار دەکرد(ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، 2002، ل67-69).

بە سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری و پێشکەوتنی بواری تەندروستی، دانیشتوانی شارەکان تا ڕادەیەک گرفتی تەندروستیان کەم بۆوە، چونکە هەندێک هەنگاو لەم بوارە نرا، بەڵام لە گوندەکان هێشتا کێشەی تەندروستی لەئارادا بووە، چەند گوندێکی گەورە لە کوردستانی تورکیا و ئێران دەرمانخانەیان لێ کراوەتەوە، کە بەشی چارەسەری سەرەتایی کردووە، زۆر جاریش ناوەندێکی دەرمان لە نێوان چەند گوندێکدا دروست کراوە، بەڵام هێشتا بەشی پێویستی دانیشتوانی نەکردووە، بۆیە خەڵکی پەنایان بردۆتە بەر دەرمانی میللی لە گژوگیا دروست کراو (حوسێنی خەلیقی، 1992، ل84).

سەرەڕای گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری و پێشکەوتنی لایەنی تەندروستی، کەچی لە ئەنجامی ئەو ململانێیەی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا بەدرێژایی مێژوو لەسەر خاکی کوردستان هەیانبوو،ڕەوشی تەندروستی بەردەوام لەپاشەکشێدا بوو، ئەمەش وای کردبوو پزیشک و داوو دەرمان لە کوردستان کەم بێت، لە ئەنجامدا ڕێژەی مردن لە ناو منداڵان بەرز بۆوە، جگە لەوە، لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەهۆی کەمی خۆراک و خواردەمەنی پێویست، چەندین پەتای کوشندە لە کوردستان بڵاو بوونەوە، بەتایبەتی سیل، بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر لەناو چوون(جەمال نەبەز، 2007، ل247).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، ئێران و تورکیا لە دۆخێکی سیاسی خراپدا دەژیان، تورکیا لە نێوان دوو دەسەڵاتدا دابەش کرابوو، یەکێکیان لەلایەن مستەفا کەمالەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ حوکمڕانی دەکرا و خەریکی جوڵانەوەیەکی چەکداری بوو، بە مەبەستی وەدەرنانی سوپای هاوپەیمانان، ئەوەی تریان لە ئەستەنبوڵ لەلایەن خەلافەتەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، بە ئاراستەی لەناو بردنی جوڵانەوەی مستەفا کەمال و گێڕانەوەی ناوچەکە بۆ ژێر دەسەڵاتی خەلافەت، لە ئێرانیش دەسەڵاتی قاجارەکان لەوپەڕی لاوازیدا بوو، ئەوەش دەرفەتی بۆ سمکۆی شکاک ڕەخساندبوو، تا لەورمێ و دەوروبەری لەسەر سنوور تورکیا جوڵانەوەیەکی چەکداری بەرپا بکات و ناوچەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و درز بخاتە پەیوەندی نێوان تورکیا و ئێران.



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ئەو دۆخە سیاسیە ناجێگیرە وای لە ناوچە كوردیەكانی ناو هەردوو دەوڵەت كردبوو بە دۆخێكی خراپی تەندروستیدا گوزەر بكەن و پێداویستیە پزیشكیەكان بە زەحمەت بگەنە ناوچەكە.

دوای كۆنگرەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ پەیوەندیە هەرێمیەكان لە نێوان توركیا و ئێران گۆڕانێكی گەورەیان بەسەردا هات، چونكە لەوكاتەشدا لە ئێران ڕەزا خان بووە سەرۆك وەزیران، ئەمەش ڕێگای خۆشكرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەكی نوێ لەو ناكۆكیانەی لەنێوان هەردوو دەوڵەت بە درێژایی مێژوو لەسەر خاكی كوردستان هەیانبوو(علي عظم محمد الكردي، د.ت. ص112)، دواجار ئەو پەیوەندیانە بەشێوەیەكی نەرێنی لەسەر ڕەوشی تەندروستی ناوچە كوردیەكان ڕەنگیان دایەوە، چونكە سیاسەتی مستەفا كەمال لەسەر ئەوە ڕێچكەی گرتبوو كە ناوچە كورد نشینەكان لە هەموو ڕوویێكەوە فەرامۆش بكات،لە بەرانبەردا گرنگی بدات بە ناوچە تورك نشینەكان،جگە لەوە، كەمالیەكان لەساڵی ١٩٢٤ چەند یاسایەكیان دەركرد، كە تایبەت بوون بە سەپاندنی كەلتور و داب و نەریتی تورك، بەسەر گەلی كورد و نەتەوەكانی تری ناو دەوڵەتی توركیا، ئەو فاكتەرانەش بوونە هۆكار بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی ١٩٢٥. لە ئێرانیش ڕەزا خان لەو ماوانە بە زەبری هێز خەریكی سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەند بوو، ئێرانی خستبووە ناو پرۆسەیەكی گەورەوە، بۆ ئەو مەبەستە فشارێكی زۆری خستبووە سەر ناوچە كوردیەكان بە مەبەستی چەككردنی هۆزەكان و نیشتەجێ كردنیان، لەگەڵ گرتنی سەربازی بەزۆرە ملێ(موجتەبا بورزوویی، 2005، ل304-313)، ئەو بارگرژیانەش دۆخێكی خراپیان لە ناوچەكە خولقاندبوو، دەرمان و پێداویستیە پزیشكیەكان بە زەحمەت دەگەیشتنە دەست دانیشتوان.

كاتێكیش پەیماننامەی نێوان هەردوو دەوڵەت لەساڵی ١٩٢٦ كۆتایی بەو بارگرژیانە هێنا كە لە ناوچەكەدا سەریان هەڵدابوو، هەریەك لەم دوو وڵاتە دەستیان كرد بە گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەند لەو ناوچانە(كامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (كامەران مەنتك)، 2000، ل263)، دواتر پرۆسەی پاكتاوكردنی كورد لە هەردوو پارچەی كوردستان درێژی پێدرا لە كوشتن و ڕاگواستن، بەمەش لایەنی تەندروستی بەهۆی ئەو ئاڵۆزیانە پشتگوێ خرا، لە ئەنجامدا بەشێكی زۆری ئەو نەخۆشیانەی ئەوكات لەناوچەكە دەركەوتبوون، یاخوود ئەو كەسانەی لە ئەنجامی شەڕەكاندا بریندار بووبوون، نەتوانرا وەك پێویست چارەسەریان بۆ بكرێت، بەڵام ڕاپەڕینی ئاراراتی گەورەو بچووك لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧- ١٩٣١ جارێكی تر پەیوەندیەكانی نێوان هەردوو دەوڵەتی خستە قۆناغێكی مەترسیدار، تا ئەو ئاستەی توركیا هەڕەشە لە ئێران بكات(علي عظم محمد الكردي، د.ت، ص115)، لە گەرمەی ڕوداوەكانیشدا سوپای توركیا كۆمەڵ كوژیەكی فراوانی ئەنجامدا، جگە لەوە، فڕۆكە جەنگیەكان بە بۆمبی هایدرۆجینی بۆردومانی ناوچەكەیان دەكرد، لە ئەنجامدا جۆرەها


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

نەخۆشی وەکو کۆلێرا، ڕشانەوە، ئاوەڵەو...هتد بڵاو بوونەوە(عەزیر شەمزینی، 2006، ل185)، دەوڵەت هەر بەوەوە نەوەستا، بەڵکۆ دوای شکستی ڕاپەڕین لەساڵی ١٩٣١ ناوچەی ئاراراتی خستە ناو چوارچێوەی ناوچەی قەدەغە کراو(م. ئە. حەسرەتیان، 2007، ل39)، هەر لەو ماوەیەدا هەردوو دەوڵەت لەناوخۆی وڵاتەکانیان دەستیان کرد بە ڕاگواستنی بەشێکی تر لە دانیشتوانی کوردستان، لە ئەنجامدا بەشێکی زۆری خەڵک لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە بەهۆی نەخۆشیەوە لەڕێگا لەناو چوون، چونکە هیچ چاودێریەکی تەندروستییان لەسەر نەبوو، ئەو شوێنانەش تیایدا جێگیر کرابوون، بێبەش بوون لە خزمەتگوزاری تەندروستی.

لە ساڵی ١٩٣٠ لە گەرمەی ڕوداوەکانی ڕاپەڕینی ئاگری داغ دا وەزیری دادی تورکیا ئەوەی ڕاگەیاند کە " تورک گەورەی یەکەمە لەو وڵاتە، ئەوانەی بەڕەسەن تورک نین، مافی ژیانیان نیە لە تورکیا، جگە لە کۆیلەیی و خزمەتکاری"، عیسمەت پاشای سەرۆک وەزیرانیش هەر لەو بارەیەوە دەیگوت :" تەنها تورکە داخوازی مافی ڕەگەزو توخمە جیاجیاکانی ئەم وڵاتەی لەدەستدایەو هیچ ڕەگەزو توخمێکی دیکە ئەو مافەی پێ ڕەوا نابینرێت"(ڕەجائی فاید، 2010، ل77-78)، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە کورد پێویستی بە ژیانێکی تەندروست نەبوو، هەر ئەمەش بوو وایکرد، ناوچە کوردیەکان لەڕووی تەندروستیەوە پشتگوێ بخرێن و بەدواکەوتووی بمێننەوە، دەوڵەتی ئێرانیش لەو کاتەدا خەریکی کۆکردنەوەی سوپا بوو لە ناوچە سنووریەکان، بەتایبەت نزیک چیای ئارارات، لەو ناوچانەش دۆخی تەندروستی هەروەک ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ فەراموش کران، بە ڕێککەوتنیشیان لە ساڵی ١٩٣١ ئەوەندەی تر لایەنی تەندروستی ناوچە کوردیەکان ڕووی لەپاشەکشێ کرد، چونکە هەردوو دەوڵەت دەستیان کرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست، بەمەبەستی کۆتاییهێنان بە مەترسیەکانی سەر سنوور، ئەمەش دەرەنجامێکی خراپی بۆ سەر لایەنی تەندروستی لێکەوتەوە.

دوای سەردانی ڕەزا شا بۆ تورکیا لەساڵی ١٩٣٤ و واژۆکردنی پەیماننامەی نێوانیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی سەر سنوور(منصور حمدالله زادە، 1389، ص268)، هەردوو دەوڵەت کەوتنە خۆ بە مەبەستی تواندنەوەی گەلی کورد، گرنگی نەدانی هەردوو لاش بە لایەنی تەندروستی ناوچە کوردیەکان یەکێک بوو لەو لایەنەی کە هەردوو دەوڵەت گرتیانە بەر دژی دانیشتوانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە تورکیا لەنێوان ساڵانی ١٩٣٤- ١٩٣٥ لە پەرلەمان یاسای ژمارە ٢٥١٠ی دەرکرد کە تایبەت بوو بە ڕاگواستن، بەپێی ئەو یاسایە، تورکیا کرایە چەند هەرێمێک، یەکێک لەو هەرێمانە، هەرێمی سێیەم بوو کە بەشێک لە دانیشتوانی کوردستانی دەگرتەوە، هەر بەپێی ئەو یاسایە ناوچە کوردنشینەکان کەوتنە ناو چوارچێوەی هەرێمی


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

قەدەغەکراو و هاتوچۆ تێیدا قەدەغە کرا، بە بەهانەی ئەوەی دۆخی تەندروستی ناوچەکە خراپە، ئەمەش ناوچەکەی بە ئاقارێکی ترسناکدا برد، چونک نەدەبوو هیچ پێداویستیەکی پزیشکی بگاتە ئەو ناوچەیە(وەدیع جوەیدە، 2008، ل458). لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرەڕای ئەوەی تورکیا خۆی هۆکاری لاوازی ڕەوشی تەندروستی ناوچەکە بوو، بەڵام ئەو لایەنەی لەگەڵ چەند فاکتەرێکی تر کردە دەرفەت بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی توند بگرێتە بەر، ئەمەش کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر ڕەوشی تەندروستی دانیشتوانی کوردستان دروست کردبوو، چونکە بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆ پزیشک و پێداویستیە پزیشکیەکان نەدەگەیشتنە ناوچەکە.

لە ئێرانیش لەو ماوانەدا سەرەڕای ئەوەی شاکانی پەهلەوی هەندێک قوتابی پسپۆڕی تەندروستیان نارده دەرەوە، بەڵام دوای گەڕانەوەیان، نەیان توانی لە گوندەکان بەشێوەیەکی فراوان چارەسەری پێویست بۆ نەخۆشەکان ئەنجام بدەن، بەهۆی کەمی داوو دەرمان، بۆیە بەشێک لە نەخۆشەکان دەناردران بۆ شارەکان(منصور حمدالله زادە، 2016، ل85)،جگە لەوە، ڕەزا شا لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە جیاوازیەکی زۆری دەکرد لە نێوان ناوچەکانی کورد و فارس، زۆرترین خزمەتگوزاری لە ناوەڕاست و باکووری ئێران پێشکەش دەکرا، بەپێچەوانەوە، ناوچە کوردنشینەکان فەرامۆش کران(یاسین سەردەشتی، 2011، ل58-59). لەبەر ئەوە، خراپی لایەنی تەندروستی، کوردستانی هەراسان کردبوو، نەخۆشیەکانی وەک سیلی ڕیخۆڵە، تەراخوما، مەلاریا و چەند نەخۆشیەکی تر بەشێوەیەکی فراوان لە کوردسان تەشەنەی کردبوو، کەچی نەخۆشخانە و پێداویستیەکانی تەندروستی زۆر کەم بوون، لە هەموو کوردستانی ئێران تەنها ٢٥٠ تا ٣٠٠ تەخت لە نەخۆشخانەکاندا هەبوو، واتا هەر بۆ ١٠ هەزار کەس تەختێکیان بەر دەکەوت(عبدالرحمن قاسملو، 1973، ل36-37)، مهاباد لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی دانیشتوانی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس دەبوو، بەڵام تەنها یەک نەخۆشخانەی بیست سەرینی تێدا بوو، هەربۆیە ڕۆژنامەکانی وەک "کەیهان و سنندج" باسی خراپی لایەنی تەندروستییان کردووە کە هیچ بەرەوپێش چوونێکی بەخۆوە نەبینیوە لەچاو ساڵانی پێش جەنگی یەکەم و دوای جەنگ، لە ساڵی ١٩٤١ لە ئێران وەزارەتی تەندروستی نەبوو، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتیەک لە ناو وەزارەتی ناوخۆ کاروبارەکانی تەندروستی جێبەجێ دەکرد کە ڕێژەی کارەکانی لە ١٪ ی دانیشتوان تێپەڕی نەدەکرد(کمال مظهر احمد، 1985، ص255)، هەربۆیە ڕەزا شا بەدرێژایی فەرمانڕەوایی خۆی، هیچ گرنگیەکی بەلایەنی تەندروستی ناوچە کوردیەکان نەدەدا، بەڵکو دەیویست لەسەر حسابی گەلانی نافارس، نەتەوەی فارس بەهێز و پتەو بکات(یاسین سەردەشتی، 2007، ل58-59).



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بەهەمان شێوە، کوردستانی تورکیاش لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە باشتر نەبوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، چونکە هەردوو پارچەی کوردستان کەوتبوونە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی تورکیا و ئێران، هەریەکێک لەو دوو دەوڵەتە هەڵگری هەمان سیاسەت بوون لە دژی کوردستانی بن دەستیان، بۆیە باکووری کوردستانیش لە نێوان هەردوو جەنگدا توشی هەمان گرفتی تەندروستی بۆوە، پزیشک و داوو دەرمان زۆر کەم بوو، تەنانەت خەڵکی دەرسیم نەیان دەزانی واتای پزیشکی چیە، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ گرنگی نەدانی حکومەت بە ناوچە کوردیەکان(عەبدولقادر شکاک، 2014، ل87)، لە بیستەکاندا لە شاری ماردین تەنها یەک پزیشکی لێبوو، لەناوچەکانی تر خەڵکی بەهۆی نەبوونی پزیشک دەیانناڵاند، لەکاتێکدا لە ناوچە تورک نشینەکان ڕەوشی تەندروستی زۆر باشتر بوو(نیژیار نعمان باجلوری، 2007، ص34)، لەکۆی نۆ ویلایەت تەنها نەخۆشخانەیەک نەخۆشی چارەسەر دەکرد، ویلایەتەکانی تر بێ نەخۆشخانە بوون(بیلال ن. شمشێر، 2002، ل291). بەگشتی لە کوردستانی باکوور نەخۆشخانە زۆر کەم بوو، لەهەر ٣٠٠٠٠٠ هەزار کەس تەنها یەک تەختەی بەر دەکەوت(میرۆسلاڤ زیکمۆند و ژیری هانزێلکا، 2013، ل7)، بەڵام لە ناوچە تورک نشینەکان، حکومەت زیاتر گرنگی بە لایەنی تەندروستی دەدا، پسپۆڕی بواری تەندروستی زیاتر بۆ ئەم ناوچانە دابین دەکران(ژێرار شالیان، 2010، ل141)، جگە لە گرنگی نەدانی دەوڵەت بە ناوچە کوردیەکان، سەرماو بەستەڵەکی زستان و بارینی بەفرێکی زۆر ئەوەندەی تر بارودۆخی تەندروستی خراپتر کردبوو، دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان بە کەمی دەگەیشتن بە ناوچەکە، بەتایبەت کوتان و پێداویستیەکانی منداڵ بوون(اسماعیل محمد حصاف، 2009، ص72)،ئەمانەو چەندین فاکتەری تر دانیشتوانی کوردستانیان بێزار کردبوو، تا لەناوچەی دەرسیم ڕاپەڕینێکی چەکداری سەریهەڵدا، لەو ماوانەشدا پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٧ لە کۆشکی سەعد ئاباد لە نێوان "ئێران، تورکیا، عیراق، ئەفغانسان" واژۆ کرا، کە بەهۆیەوە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و ئێرانی خستە باشترین دۆخ(محمد کامل محمد، 1988، ص47)، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆ تورکیا تا بەئاگر و ئاسن ڕاپەڕینی دەرسیم لەناو ببات(کوران سلام محمد، 2016، ص120)، ئەو دۆخە سیاسیە ناجێگیرەش ڕەوشی تەندروستی ناوچەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو تێکدا، دەوڵەت شار و گوندەکانی کوردستان لەم ڕووەوە فەرامۆش کرد، لەکاتێکدا لە ناوچە تورک نشینەکان بەردەوام لەڕووی تەندروستیەوە لەپێشکەوتندا بوون.

بە سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی و ئاڵۆزبوونی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە، دۆخی تەندروستیش لەناوچە کوردنشینەکان لە ناو هەردوو دەوڵەت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی، حکومەتی تورکیا درێژەیدا بەو سیاسەتەی پێشتر لە کوردستاندا گرتبوویە بەر، بەتایبەت



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

فەرامۆشكردنی ناوچەكە لە ڕووی تەندروستیەوە. لە كوردستانی ئێرانیش لە سەردەمی ڕەزا شا تا كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی دۆخی تەندروستی ناوچەكە هەر بەدواكەوتوویی مایەوە، نەخۆشخانە و داو و دەرمان یەكجار كەمبوون(ڕێواس فەتاح محەمەد صالح، 2017، ل10)، ئەو بارگرژیانەی لەكاتی جەنگیشدا لە ورمێ و دەوروبەری سەریانهەڵدا، توركیای نیگەران كردبوو، بۆیە دەستی خستبووە ناو ئاڵۆزیەكان، بە ئامانجی لەناو بردنی ئەو دەستكەوتانەی خەریك بوو بە پشتگیری سۆڤیەت بەدەست بێن، ئەمەش كاری كردە سەر دۆخی تەندروستی ناوچەكە.

بەم شێوەیە ڕاپەڕینەكانی كورد لە ناو توركیا و ئێران لە لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە تا كۆتایی ڕاپەڕینی دەرسیم و واژۆ كردنی پەیماننامەی سەعد ئاباد و دواتر دۆخی سیاسی هەردوو دەوڵەت لەكاتی جەنگی دووەمی جیهانی هێزیان لە ناوچەكە بڕیبوو، ڕەوشی تەندروستی كوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی یەوە تا كۆتایی جەنگی دووەم هیچ بەرەوپێش چوونێكی بەخۆوە نەبینی، بەڵكو بەردەوام لە پاشەكشێدا بوو، چونكە داگیركەرانی كوردستان دەیان ویست ناوچەكە لەڕووی تەندروستیەوە هەر بە دواكەوتوویی بمێنێتەوە، لەكاتێكدا باشترین خزمەتگوزارییان بۆ ناوچە تورك نشین و فارس نشینەكان دابین كردبوو. گرنگی نەدانی هەردوو دەوڵەت بە ڕەوشی تەندروستی كوردستان، كاریگەریەكی گەورەی خستە سەر ژیانی دانیشتوان، نەخۆشی و پەتا بەشێوەیەكی بەرچاو بڵاو بۆە، ڕێژەی مردن زیادیكرد، بەتایبەت لەناو منداڵان.

## باسی دووەم : بارودۆخی خوێندن

كوردستان بەر لە سەدەی نۆزدە لەسایەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لەڕووی خوێندنەوە زۆر دواكەوتوو بوو، قوتابخانە و خوێندن بوونی نەبوو، مزگەوت و حوجرەو خانەقای شێخانی تەریقەت بوو بوونە شوێنی خوێندن و فێركردن، لەپاڵ ئەمەشدا میرەكانی كوردستان گرنگیان بە لایەنی زانست و خوێندن دەدا، بۆ ئەم مەبەستە، چەندین مزگەوتیان بنیاد ناوەو دەیان زانای ئایینی تێدا پەروەردە بوون و بوون بە زانای ناودار(نازدار جلیل مصطفی، د.ت، ص313-314). میری بۆتان جگە لە دروست كردنی مزگەوت، كۆمەڵێك گەنجی ناردۆتە دەرەوە تا خوێندن تەواو بكەن و شارەزای ژیاری ئەوروپا بن، تاوەكو دوای هاتنەوەیان، ئاییندەیەكی گەش بۆ گەلەكەیان دابین بكەن(جلیلي جلیل و اخرون، 2012، ص22)، هەروەها تەكیە و خانەقای شێخەكانیش، بنكەیەكی



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

تر بوون بۆ بڵاو بوونەوەی خوێندەواری، لەباکوری کوردستان و لە گوندی نەهری دەیان کەس لەسەر دەستی شیخانی نەهری فێری زانست و زانیاری بوون(ڕێبین سەعید مەلا حاجی، 2015، ل29)، ئەمە جگە لەوەی، کە بەشێکی تری خەڵک لە ڕێگای قوتابخانە تەبشیریەکانەوە فێری خوێندن بوو بوون، بەتایبەت شارەکانی سیواس و ورمێ، کە لەلایەن مسیۆنێرە ئەوروپی و ئەمریکیەکان کرابوونەوە، بەڵام تەنها مناڵانی مەسیحی بۆیان هەبوو تییدا بخوێنن(کامەران محەمەد حاجی، 2007، ل53)، بۆ نموونە لە شاری سیواس مسیۆنێرە ئەمریکیەکان ٢٥ قوتابخانەیان کردەوە و نزیکەی ١٥ هەزار قوتابی وانەی تێدا دەخوێند کە زۆربەیان ئەرمەنی بوون، دواتر ژمارەی قوتابخانەی ئەمەریکی بەرز بووەوە بۆ ٦٧٥ دانە و ژمارەی قوتابیەکانیشی گەیشتە نزیکەی ٣٥٠٠٠ کەس، لەو ژمارانەشدا زۆربەیان مەسیحی بوون جگە لە ژمارەیەکی کەم لە موسوڵمانی تورک، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەمتر لە کورد، مسیۆنێرە فەرەنسیەکانیش بەهەمان شێوە دەیان ویست لە ڕێگەی خوێندنەوە سۆزی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بۆیە نزیکەی ٥٠٠ قوتابخانەیان تێدا کردەوە و نزیکەی ٦٠ هەزار قوتابی وانەیان تێدا دەخوێند(کمال مظهر احمد، 1984، ص70، 78).

لەسەردەمی تەنزیماتیش لەنێوان ساڵانی ١٨٣٩- ١٨٧٦ دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا لە ڕێگای کۆمەڵێک چاکسازیەوە ئیمپراتۆریەتەکەی لەمەترسی کەوتن ڕزگار بکات، بۆیە چەند یاسایەکی دەرکرد لە بواری پەروەردە و فێرکردن و چەندین قوتابخانەی لە ویلایەتەکان کردەوە، بەڵام تا ساڵی ١٨٦١ هیچ قوتابخانەیەک لە ویلایەتی موصل نەکرایەوە، لەوساڵە بەدواوە ئەم ویلایەتە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی تێدا دامەزرا(ماهر حامد جاسم النورة، 2004، ص6-7).

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە خوێندن لە باکووری کوردستان پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ گرنگیدانی سوڵتان عەبدولحەمید بە سەرۆک هۆزەکانی کورد، بە مەبەستی ڕاکێشانیان بۆ ناو پرۆسەی پان ئیسلامیزم، بۆیە بانگهێشتی کۆمەڵێک سەرۆک هۆز و پیاوی ئایینی کوردی کرد و چەندین گەورە پیاوی کوردی لە دەربار نزیک کردەوە و پۆستی جیاجیای پێدان، پاشان "قوتابخانەی عەشائیری" لەچەند شارێکی کورد کردەوە بۆ منداڵەکانیان، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە سوارەی حەمیدی بوون، تا بخرێنە بەر خوێندن و بە بیری ئیسلامی و تۆرانیەت پەروەردە بکرێن(حامد محمود عیسی، 2002، ل258-259)، لەگەڵ کردنەوەی چەند قوتابخانەیەکی تر لە ویلایەتی موصل بەناوی قوتابخانەی روشدیە(محمد عبدالله کاکەسور، 2008، ص16)، ئەمەش سەرەتایەک بوو بە ئاراستەی بەرەوپێش چوونی بواری ڕۆشنبیری کورد، دواتر بەشێک لەوانە ڕوو بەڕووی سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەر وەستانەوە.

بەر لە دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانییش، بواری خوێندن لەسەر دەستی "خەلیل خەیالی" برەوی پێدرا و قوتابخانەیەکی بەزمانی کوردی لە ئەستەنبۆڵ بۆ منالآنی کورد کردەوە، کە لەم قوتابخانەیەدا منالآنی کورد بە گیانی کوردایەتی گۆش دەکران(محمد رسول هاوار، 2006، ل479). لەوکاتەشدا ڕۆژهەلآتی کوردستان لەوپەڕی دواکەوتوییدا بوو، خوێندەواری یەکجار کەم بوو بەجۆرێک ڕێژەی نەخوێندەواری لەناو ژنان ١٠٠٪ ی پێکهێنابوو، لەناو پیاوانیش گەیشتبووە ٩٥٪، ئەمەش بووە هۆی دەرنەکەوتنی توێژی ڕۆشنبیران و دواکەوتنی جولآنەوەی نەتەوەیی کورد(یاسین سەردەشتی، 2007، ل24)، بەلآم دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی کوردستانی بن دەستی ئێرانی قاجاری، چەند قوتابخانەیەکی بە زمانی تورکی کردەوە، یەکێک لەو قوتابخانانە لە شاری شنۆ بوو(موحسین جەڵدیانی، 1395، ل38). هەر بۆیە لەناو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی تا ڕادەیەک خوێندەواری بوونی هەبوو، بەتایبەت لەناو بنەماڵەی بەدرخانیەکان، بۆیە لەگەڵ کودەتای ئیتیحادیەکان، تا ڕادەیەک بارودۆخ هێور بووەوە کەپێشتر لەلایەن عوسمانیەکان بەسەر کورد و نەتەوەکانی تردا سەپابوو، ئەوە بوو لەلایەن کۆمەڵەی مەعاریفی کورد قوتابخانەیەک بۆ منالآنی کورد لە ئەستەنبوڵ کرایەوە کە عەبدولڕەحمان بەدرخان بەڕێوەی دەبرد( شیرکو فتح الله عمر، 2004، ص43)، (مالمیسانژ، 1998، ص41)، چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکیش لەوکاتەدا دەرکەوتبوون، ڕۆڵیان هەبوو لە هاندانی خەڵک بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری(کەمال بورکای، 2008، ل473)، بەلآم بەهۆی زەبروزەنگی ئیتیحادیەکان نەیتوانی بەردەوام بێت، تا لەسەر دەستی کۆمەڵێک کەسایەتی کورد تەوژمی ڕۆشنبیری و خوێندن لە باکووری کوردستانەوە گەیشتە پارچەکانی تری کوردستان، بەتایبەت کوردستانی بن دەستی ئێران، عەبدولڕەزاق بەدرخان(زریان حاجی، 2002، ل120-142)یەکێک بوو لەو ڕۆشنبیرانە و توانی خوێندن لە باکووری کوردستان بگوازێتەوە بۆ کوردستانی ئێران، چونکە بەهۆی زەبرو زەنگی ئیتیحادیەکان نەیتوانی لە کوردستانی باکوور پەرە بە لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردە بدات، بۆیە لە کوردستانی ڕۆژهەلآت لەناوچەکانی خوی و سەڵماس لەگەڵ سمکۆی شکاک بەیەک گەییشتن، پاشان بەئامانجی بەرەوپێش بردنی پەروەردە و فێرکردن، بە هاوکاری دەسەلآتدارانی روسیا لەناوچەکە قوتابخانەیەکیان لە خوی کردەوە و چەندین منالّی تێدا خرانە بەر خوێندنەوە(م. س. لازاریف، 2006، ل39)،پاشان داوای لە دەسەلآتدارانی ڕوسیا کرد ڕێگا بەچەند قوتابیەکی کورد بدرێ تا لە روسیا بخوێنن، جگە لەوە، پێشنیاری ئەوەشی بۆکردن کە لەقوتابخانەکاندا ئەلف و بێی روسی بەکار بهێنن (جەلیلی جەلیل، 2000، ل38)، لە بەرانبەردا ئیتیحادیەکان ئەمەیان بە مەترسی دادەنا بۆ سەر تورکیا، پێیان وابوو کوردەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی نیگەران دەبن بەوەی گرنگی



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بە لایەنی خوێندن و پەروەردە نادات، بۆیە بڕیاریان دا لەو ناوچانەی کەوتوونەتە سەر سنووری ئێران چەند قوتابخانەیەک بە زمانی کوردی بکەنەوە بۆ نزیکەی ١٠٠٠ قوتابی و بڕی ١٧٥٠٠ لیرەی تورکی بۆ تەرخان کردن لەگەڵ تەرخانکردنی بڕی ٢٥٠٠ لیرە بۆ دروست کردنی قوتابخانە(جليلي جليل، 1986، ص180-182)، کردنەوەی قوتابخانە لە شاری خوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی بواری پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان بەگشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت، هەروەها گرنگیدانی وڵاتانی زلهێز بە لایەنی پەروەردە و ڕۆشنبیری کورد، ئەوەی بۆ دەرخستین کە سەرەڕای ئەوەی وڵاتانی ئیمپریالیزم چاویان بڕیبووە خێروبێری کوردستان، ڕێگایان نەگرت لە پێشکەوتنی لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردە لەناو دانیشتوانی کوردستان، بەڵکو بوونە فاکتەرێک بۆ گەشەکردنی بیرو هۆشی کورد.

بەکۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەرکەوتنی دوو سەرکردەی سەربازی لە تورکیا و ئێران، سەرەتای چەرخێکی نوێ لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد سەریهەڵدا. لەگەڵ هاتنە سەرکاری مستەفا کەمال پاشا لە تورکیا لەساڵی ١٩٢٣، لە هەمان کاتدا بوونی ڕەزا خان بە وەزیری جەنگ لە ئێران(ستيفن كينزر، 2012، ص83)، سەرسام بوونی ئەوەی دووەمیان بە سەرۆکی نوێی تورکیا هەردوو لایەنی لەیەکتر نزیک کردەوە، بۆیە لە هەمان ساڵدا پەیماننامەی دۆستایەتیان واژۆ کرد، بەمەش پەیوەندیەکانی نێوانیان سەرلەنوێ داڕێژرانەوە و کۆتایی بەو بارگرژانە هێنرا کە لەسەدەکانی ڕابوردوودا لەنێوانیاندا سەریهەڵدابوو(ياسين صلواتي، 2001، ص195-196)، هەردوو سەرۆک لەژێر کاریگەری یەکتر دەستیان کرد بە تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کورد، لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردەش یەکێک بوو لەو ڕێگایانەی هەردوو دەوڵەت گرتیانە بەر بە مەبەستی لەناو بردنی مێژوو زمان و کەلتوری کورد لەبۆتەی تورک و فارس.

لەکوردستانی تورکیا دۆخی ڕۆشنبیری و پەروەردە باشتر نەبوو لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی،ئەگەرچی بە هاتنە سەرکاری مستەفا کەمال بۆ سەر دەسەڵات، لایەنی پەروەردە لە تورکیا چووە قۆناغێکی نوێوە، ژمارەی قوتابخانەکان زیادیان کرد، منداڵی تورک لەتەمەنی حەوت ساڵیەوە دەخرایە بەر خوێندن و لەساڵی یەکەمی خوێندندا فێری نەتەوەپەرستی دەکرا(حەسەن ئەحمەد مستەفا، 2008، ل16)، بەڵام لەناو دانیشتوانی کوردستان هێچ گۆڕانکاریەک لە سیستەمی خوێندن و پەروەردەدا ڕووی نەدا، بەشی زۆری گوندەکان بێ قوتابخانە مانەوە، ئەو گوندانەی قوتابخانەشیان تێدابوو، دەبوایە خوێندن تێیدا بە زمانی تورکی بێت(د. کەمال عەلی و د. سۆزان کەریم مستەفا، 2013، ل111)، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو هەمیشە کورد بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە و بواری ئەوەی نەبێت لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی خوێندن و پەروەردەدا هەنگاو بنێت(نێژیار نعمان باجلوری،

2007، ص32-35)، بۆ ئەم مەبەستە کەمالیەکان سەرجەم قوتابخانە کوردیەکانیان داخست (میخائیل م. جونتر، 2007، ص14)، لەساڵی ١٩٢٤ زمانی کوردیان لە سیستەمی پەروەردەدا قەدەغە کرد، هەر کاتێک هەستیان کردبا مامۆستایەک بیر لە ئازادی کوردستان دەکاتەوە، دەیانگواستەوە بۆ ناوچە تورک نشینەکان، ئەوانەی تر بەو مەرجە دەهێڵرانەوە بە کوردی قسە نەکەن، جگە لەوە، کەمالیەکان بەڕێوەبەر و مامۆستای تورکیان لە ڕۆژئاوای وڵاتەوە دەگواستەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکان، بۆ ئەوەی لە ڕێگای خوێندنەوە کەلتور و ڕۆشنبیری کورد بتوێننەوە، وشەی کورد و کوردستانیان لە نوسراوەکان دا لابرد، لەشوێنیاندا تورکی چیاییان بەکار هێنا(نیژیار نعمان باجلوری، 2007، ص32).

ئەو سیاسەتەی کەمالیەکان لەسەرەتای ساڵانی دەسەڵاتیاندا گرتیانە بەر، بەشێوەیەکی نەرێنی لەسەر دۆخی پەروەردەی ناوچە کوردیەکان ڕەنگیدایەوە، لەساڵی ١٩٢٥ لە تورکیا، تێکڕای ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتبووە ٤٨٧٥ قوتابخانە، کەچی لەناوچە کوردیەکان تەنها ٢١٥ قوتابخانە دروست کرابوون، کە نزیکەی ٨٤٠٠ قوتابی دەرسیان تێدا دەخوێند، لەکاتێکدا ژمارەی قوتابیە تورکەکان دەگەیشتە نزیکەی ٣٨٢٠٠ قوتابی(جرجیس فتح الله، 2002، ص292)، لەوکاتەشدا دەوڵەتی ئێران لە بواری پەروەردە و خوێندن دا لە تورکیا دواکەوتووتر بوو، لەساڵی ١٩٢٥ لە ئێران ٦٤٨ قوتابخانەی سەرەتایی هەبوون، کە نزیکەی ٥٥٩٦٠ قوتابی دەرسیان تێدا دەخوێند، ٧٤ قوتابخانەی ناوەندیش هەبوون ١٦ لەوانە قوتابخانەی تەبشیری بوون و نزیکەی ١٤٤٨٨ قوتابی دەرسیان تێدا دەخوێند(ابراهیم خلیل احمد و خلیل علي مراد، 1992، ص138-139)، لەم ڕێژەیەشدا بەشی ناوچە کوردیەکان زۆر کەمتر بووە لەچاو ناوچە فارس نشینەکان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ سەعید لە کوردستانی تورکیا، لەوکاتەشدا ڕەزا خان خەریکی سەرکوت کردنی خێڵەکان بوو بە تایبەت هۆزکانی نیشتەجێی سنوورەکانی تورکیا و عیراق، بەمەش لایەنی پەرەردە لەو ناوچانە تووشی دۆخێکی خراپ بۆوە، چونکە ناوچەکە بووە مەڵبەندی هێرش و پەلاماردان.

بارودۆخی شڵەژاوی هەردوو دەوڵەت لە ناوچە کوردیەکان وای کرد بیر لە ڕێککەوتن بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەنەوە، بۆیە دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی شێخ سەعید لە تورکیا و سەرکوتکردنی هۆزەکانی کورد لە ئێران، مستەفا کەمال و شای ئێران لە ساڵی ١٩٢٦ پەیماننامەیەکیان واژۆ کرد(د. منهل صالح عبدال عقراوي واخرون، 2014، ص23)، ئەمەش کاریگەریەکی گەورەی خستە سەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لەناوچە کوردیەکان، چونکە لەناو تورکیا پرۆسەی ڕاگواستن بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوا درێژەی پێدرا، لەو ناوچانەی کوردی تێیدا



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

نیشتەجێ دەکرا کەلتور و زمانی تورکیان بەسەردا سەپێنرا، لەقوتابخانەکاندا بۆیان نەبوو بە زمانی دایک بخوێنن، بەتایبەت ئافرەتان، چونکە کەمالیەکان پێیان وابوو پەروەردەی منالّ لەسەر شانی دایکە، بەمەش منالاّن زوتر لەزمانی دایک دادەمالّدرێن، لەناوچەکانی ڕۆژهەلاّتیش زمانی کوردی لە قوتابخانەکان قەدەغە کرا، بەلاّم لەو ناوچانە بەو شێوەیە سەرکەوتوو نەبوون، چونکە سەرەڕای هەستی کوردایەتی، هەژاریش تەنگی بە دانیشتوان هەلّچنیبوو، بۆیە بەشێکی زۆری خێزانەکان منالّەکانیان لە قوتابخانە دەرهێنا(نیژیار نعمان باجلوری، 2007، ص32-33).

ئەم بارودۆخە وای لە دانیشتوانی ناوچەکە کرد ڕێژەی خوێندەواری لەسالّی ١٩٢٧ بگاتە کەمتر لە ٩٪ ی دانیشتوان، ئەوانەی بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد دەگەیشتە ١٨٤٤٤٦، بەلاّم ئەوانەی خوێندەواریان هەبوو بریتی بوون لە٢٪ ، لە ویلایەتی دیاربەکر تەنها ٨٣ مامۆستای کوردی لێبوو، لەکاتێکدا ٣٩٦ دادوەر و فەرمانبەری سەربازی تورک لەناوچەکە کاریان دەکرد، بەشێکی زۆری گوندەکان لەڕووی پەروەردەوە بەتەواوی پشتگوێ خرابوون، تەنها مامۆستایەک وانەی پێنج پۆلی دەگووتەوە، خوێندنیش تەنها بە زمانی تورکی بوو، بۆ وەرگرتنی قوتابیانیش لەزانکۆکانی ئەستەنبۆلّ و ئەزمیر، دەبوایە قوتابی ملکەچی مەرجەکانی تورک بێت (نیژیار نعمان باجلوری، 2007، ص34.

لەو کاتانەشدا ڕەزا شا لە ئێران خەریکی گۆڕینی سیستەمی خوێندن بوو بۆ سیستەمی فەرەنسی، وە لەسالّی ١٩٢٧ لەپەرلەمان بڕیاری خوێندنی بەزۆرەملێ دەرکرا بۆ ئەو منالاّنەی تەمەنیان گونجاو بوو بۆ خوێندن (ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد، 1992، ص139)، بەمەش ڕێژەی قوتابی لە قوتابخانەی سەرەتایی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، بەشێوەیەک لەنێوان سالاّنی ١٩٢٨- ١٩٢٩ ڕێژەیان گەیشتە نزیکەی ١٣٨٩٤٧ (فوزية صابر محمد، 1985، ص291)، بەلاّم کێشەی کەمی مامۆستا دۆخی پەروەردەی لەوکاتەدا خراپ کردبوو، بۆیە لەسالّی ١٩٢٨ سەد قوتابی بۆ تەواو کردنی خوێندنی بالاّ ناردە ولاّتانی ئەوروپا و سالّی ١٩٣٠ گەیشتە ١٥٠ قوتابی، جگە لەوە، ڕەزا شا گشت قوتابخانە بیانی و تەبشیریەکانی ناچار کرد بە زمانی فارسی دەرس بلّێنەوە(ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد، 1992، ص139)، سەپاندنی زمانی فارسی لە خوێندن لە ناوچە کوردیەکان، دۆخی پەروەردەی تووشی گرفتێکی زۆر کردبۆوە، ئەو قوتابیانەی دەناردران بۆ ولاّتانی ئەوروپا لەسەر بنەمای فارسچێتی دەناردران، هیچ گەنجێکی کورد سوودی لەم پرۆسەیە نەبینی، ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت دروست کرد و بووە هۆی دواکەوتنی خواستی سەربەخۆیی، هەروەها ماوەیەک بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دواخست. سیاسەتی خراپی هەردوو دەولّەتی تورکیا و ئێران بەرانبەر ڕەوشی پەروەردە



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

له ناوچه كوردیه‌كان، كاریگەری لەسەر كوردستانی باشووریش دروست كرد و وای له سه‌رانی عیراق كرد ئەوانیش دۆخی پەروەردە لە شارە كوردیەكان فەرامۆش بكەن(ئازاد عوبێد سالح، 2008، ل204).

ڕاپەڕینی ئاگری داغ لەسەر سنوورەكانی توركیا و ئێران جارێكی تر پەیوەندیەكانی هەردوو لای لە یەكتر دابڕی، چونكە توركیا ئێرانی بەوە تۆمەتبار كردبوو هاوكاری شۆڕشگێڕان دەكات لە ناوچەكانی ئاگری. ئەم ئاڵۆزیانەی لە سەر سنووری هەردوو دەوڵەت سەریان هەڵدابوو، بارتەقای زیانە سیاسی و ئابووریەكان، دۆخی پەروەردەی تووشی گرفت كردبۆوە، چونكە ئەو بارودۆخە دەرفەتی ڕەخساند بۆ هەردوو دەوڵەت تا بە ئارەزوی خۆیان خوێندن و پەروەردەی تورك و فارس بەسەر كورد دا بسەپێنن. لە ساڵی ١٩٣٠ لە گەرمەی پەلامارەكانی سوپای تورك بۆ سەر شۆڕشگێڕان لە چیای ئاگری ، عصمەت پاشا سەرەك وەزیرانی توركیا لە شاری سیواس ڕایگەیاند كە تەنها ڕەگەزی تورك بۆی هەیە لەم وڵاتە داوای مافی نەتەوەیی و هاوڵاتیبوون بكات، ڕەگەزەكانی تر ئەو مافەیان نیە(. ولید رضوان، 2006، ص51)، هەر لەو ماوانەدا سوپای توركیا كوشت و بڕێكی بێ شوماری ئەنجامدا، لەو كوشتارەشدا نزیكەی هەزار ڕۆشنبیری كوردیان خستە ناو گونیەكان و بەزیندوویی فڕی درانە ناو دەریاچەی وان (عەزیز شەمزینی، 2006، ل185)(بلەچ شێركۆ، 1990، ل95)، وتەی عصمت پاشا ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت كە گەلانی ناتورك لە توركیا هیچ مافێكی كەلتوری، پەروەردە، ڕۆشنبیری یان پێ نەدراوە، بەتایبەت، گەلی كورد، بۆیە ڕێژەی قوتابخانە و دەزگا زانستیەكان یەكجار كەم بوون، بە بەراورد بە ناوچە تورك نشینەكان.

لەكۆتاییدا لەساڵی ١٩٣١ هەردوو دەوڵەت ڕێككەوتن لەسەر هاوكاری كردنی یەكتر بۆ لەناو بردنی مەترسیەكانی سەر سنوور، پاشان هەردوو لایەن دەستیان كرد بە ڕاگواستنی كورد لە ناوچەكانی ئاگری لەهەردوو دیوی توركیا و ئێران بۆ ناو قوڵایی وڵاتەكانیان(م.أ.حسرتیان، 2007، ص155)، پاشان هەردوو دەوڵەت ڕێوشوێنی توندیان بەرانبەر دۆخی خوێندن لەناوچە كوردیەكان گرتەبەر، لە ناو توركیا بەكارهێنانی وشەی كورد و كوردستان قەدەغە كرا(مارتن فان بروینسن، 2006، ص10)، سەرپەرشتیاری گشتی ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵات دوای كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ، بڕیاری دەركرد بە قەدەغە كردنی خوێندن و نووسین بە زمانی كوردی(خەلات مووسا یووسف، 2006، ل75)،توركەكان نكوڵییان لە بوونی كورد دەكرد، كوردیان بەیەكێك لە هۆزەكانی تورك دادەنا(ئیسماعیل بێشكچی، 2000، ل155)، لەكاتی ڕاگواستنی خەڵكیشدا ئەو ناوچانەی كوردیان تێدا جێگیر دەكرا نەدەبوو زیاتر لە ٥٪ ی دانیشتوان پێك بهێنن بۆ ئەوەی ڕێژەی كورد كەمینە بێت، لەقوتابخانەكانیشدا زمانی توركیان بەسەردا


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

سەپێنرا و دەبوو تەنها بەتورکی بخوێنن(احمد عبدالباقي احمد، 1989، ص66)، لە ئێرانیش بە هەمان شێوە ڕەزا شا زمانی کوردی لەخویندن و پەروەردەدا قەدەغە کرد(عبدالرحمن قاسملو، 1973، ل87)، فەرمانی بە وەزارەتی پەروەردە کرد فشار بخاتە سەر بەڕێوەبەری قوتابخانەکان تا زمانی کوردی لە ئاخاوتندا بەکار نەهێنرێت، هەربۆیە لەسەر دەرگای پۆلەکانی قوتابخانەکان نوسرابوو " فارسی سخن گوئید" ، واتا بەفارسی قسە بکە(ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید،2009، ل96).

لە ساڵی١٩٣٣ دەوڵەتی ئێران قوتابخانە بیانیەکانی خستە سەر وەزارەتی پەروەردە و فەرمانی پێدان لەژێر سیستەمی پەروەردەی ئێران دا کار بکەن، پاشان ناوی قوتابخانە بیانیەکانی گۆڕی بۆ ناوی فارسی، کاتێک بەشێکیان ئەمەیان ڕەتکردەوە، بڕیاری داخستنیان بۆ دەرچوو(ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد، 1992، ص139). ئەو ڕێوشوێنە توندانە ئەوەندەی تر دۆخی خوێندنی تووشی گرفت کردبۆوە، چونکە سەرەڕای ئەو فشارانەی هەردوو دەوڵەت دروستیان کردبوو، چۆڵکردنی ناوچە کوردیەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانیان فاکتەرێکی تر بوو لەسەر لاوازبوونی لایەنی پەروەردە، بەهۆی سەپاندنی بەزمانی تورکی و فارسی لە قوتابخانەکاندا.

لەساڵی ١٩٣٤ قۆناغێکی تر لە پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت دەستی پێکرد، چونکە لەو ساڵەدا بۆ یەکەم جار ڕەزا شا سەردانی تورکیای کرد و لە نزیکەوە ئەو گۆڕانکاریانەی بەرچاو کەوتن کە مستەفا کەمال پێی هەستابوو، سەرسام بوونی هەردوو سەرکردەش بەیەکتر، پەیوەندیەکانی هەردوو لای خێراتر کرد، تا لەو ساڵەدا پەیماننامیەکیان واژۆ کرد(Gökhan Çetınsaya، 1999،(p75-148 ، لەو پەیمانەدا هەردوو لا لەسەر هەندێک خاڵ ڕێککەوتن، بەتایبەت کێشەکانی سەر سنوور و داخستنی سنوورەکانیان، بەئامانجی نەهێشتنی هاتوچۆی کوردەکان(اسماعيل محمد حصاف،2009، ص229)، ڕەزا شا دوای گەڕانەوەی لە تورکیا، لەژێر کاریگەری چاکسازیەکانی مستەفا کەمال، چەندین هەنگاوی گرتە بەر، لە بواری زانست و پەروەردە، بە مەبەستی دروست کردنی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە(سالح محەمەد ئەمین، 1992، ل329)، بۆیە ساڵی ١٩٣٥ زانکۆی تارانی دامەزراند لەگەڵ ٦ کۆلێژ، لەساڵی ١٩٣٥ کۆلێژی ئادابی کردەوە(ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد، 1992، ص139)، پاشان چەندین قوتابی ناردە زانکۆکانی وڵاتانی جیهان، تا دوای گەڕانەوەیان، لەزانکۆی تاران وانە بڵێنەوە(جهاد صالح العمر و اسعد محمد زيدان الجواري، د.ت، ص25).

لەدرێژەی هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ زاڵکردنی زمانی فارسی، ڕێکخراوێکی نوێی بەناوی " فرهنگستان" دامەزراند، بە مەبەستی پاککردنەوەی زمانی فارسی لە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر(یاسین سەردەشتی، 2007، ل97)، بەڵام ڕەزا شا هەروەکو مستەفا کەمال، هیچ گۆڕانکاریەکی کردەیی لەناوچە کوردیەکان لەبواری پەروەردە و خوێندندا نەگرتە بەر، بەڵکو تەنها شارە فارس



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

نشینەکان لێی سوودمەند بوون(موجتەبا بورزوویی، 2005، ل329-330)،شای ئێران لەجیاتی ئەوە لە ساڵی ١٩٣٨ ڕێکخراوێکی بەناوی "سازمان پرورش افکار"ی دامەزراند، بە ئامانجی زاڵ کردنی پەروەردەی فارس بەسەر گەلانی تری ئێران، بۆ ئەم مەبەستە کۆمسیۆنێکی تایبەت بە چاکسازی لە کتێب و وانەی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکانی کردەوە(ئیسماعیل عەبدولرەحمان سەعید، 2009، ل104-105)، ئەم ڕەوشە لەسایەی ڕژێمی ڕەزا شا کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دروست کرد، بەشێوەیەک دۆخی پەروەردەی لەناوچە کوردیەکان پەکخست (یاسین سەردەشتی، 2011، ل53).

دەوڵەتی تورکیا لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە ڕێگەی ڕاگواستن و کوشتن و وێرانکاری بەر بووە گیانی گەلی کورد، لە ڕووی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیشەوە هەوڵێکی زۆریان دا تا کورد لە بۆتەی تورک بتوێننەوە، بۆیە لە بواری پەروەردە و سیستەمی خوێندندا فشارێکی زۆری خستە سەر قوتابیانی کورد تا بەیەکجاری لەزمان و کەلتور و ڕۆشنبیری خۆیان داببڕێن، سەرەڕای گرنگیدانی دەوڵەت بە ناوچە تورک نشینەکان و بنیادنانی قوتابخانە بۆ دانیشتوان، کەچی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ بێبەش کران لە کردنەوەی قوتابخانە. سەعید نەورەسی هەوڵێکی زۆری دا زانکۆیەکی هاوشێوەی"ئەزهەر" لەوان دروست بکرێت، بەڵام تورکە شۆڤێنیەکان ئەمەیان ڕەتکردەوە(محمد رسول هاوار، 2006، ل475)، هەر بۆیە سیاسەتی توندی کەمالیەکان بەرانبەر دانیشتوانی کوردستان بۆ ئەوە بوو تا کورد هەمیشە بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە و لەجیهانی پێشکەوتندا دابڕێت، لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٣٧ ڕاپەڕینی سەید ڕەزای دەرسیم سەریهەڵدا.

لەگەرمەی ڕوداوەکانی دەرسیم دا تورکیا هەوڵیدا لە ڕێگای هەڕەشە و ترسەوە وا لە وڵاتانی ئێران و عیراق بکات سنوورەکانیان بەڕووی کوردەکاندا دابخەن، تا نەتوانن هاوکاریەکانیان بگەیەننە دەرسیم، بۆیە ئاگادار کردنەوەیەکی دایە هەردوو دەوڵەت (م.س. لازاریف، 2006، ص278-279)، دواجار بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی، بەتایبەت ئێران، لەگەڵ مەترسیە بەردەوامەکانی کورد، وای دەخواست هەردوو لایەن لەیەکتر نزیک ببنەوە، تا بەچاودێری بەریتانیا پەیماننامەی سەعد ئابادین لە ساڵی ١٩٣٧ واژۆ کرد، ئەمەش زیاتر ڕێگای خۆش کرد بۆ تورکیا تا بە ئاگر و ئاسن ئەم ڕاپەڕینە دابمرکێنێتەوە (جليلي جليل و اخرون، 2012، ص220)، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەتیش ئەوەیان دوپات دەکردەوە کە شەڕی دەوڵەت لەگەڵ ناوچەکە بە مەبەستی سەپاندنی بەزۆر سیستەمی خوێندنە، لەکاتێکدا دەوڵەت ناوچە کوردنشینەکانیان فەرامۆش کردبوو(دێرک کینان، 2007، ل19). دوای ئەم ڕووداوانە تورکیا بەردەوام


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

بوو لەسەر فەرامۆشکردنی ناوچە کوردیەکان لە کردنەوەی قوتابخانە، ئەوەی هەشبوو دەخرایە خزمەت بەتورک کردنی دانیشتوانی کوردستان(جبار قادر، 2006، ص164).

هەروەها جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان ساڵانی (١٩٣٩- ١٩٤٥) و لێکەوتەکانی لەسەر تورکیا ئەوەندەی تر دۆخی پەروەردەی لە باکووری کوردستان خراپتر کردبوو، چونکە زیاتر گرنگی بە بواری سەربازی دەدرا نەک پەروەردە و خوێندن، جگە لەوە، حکومەت بەردەوام بوو لەسەر قەدەغە کردنی خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی، ئەمەش وای لە ڕۆشنبیرانی کورد کرد کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام توانییان لەو وڵاتانە درێژە بەکاری ڕۆشنبیری بدەن، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانن خەڵکی کوردستان هۆشیار بکەنەوە(خەلات مووسا یووسف، 2006، ل80)، تورکەکان نەک تەنها لەناوخۆی وڵات، بەڵکو لەهەر یەکێک لەو وڵاتانەی کوردیان تێدا نیشتەجێ بوو، لەبۆنە و چالاکیە وەرزشیەکاندا ناوی کورد هاتبا، بێزاری خۆیان دەردەبڕی، بۆ نموونە، ڕۆشنبیرانی کورد لە دیمەشق لەساڵی ١٩٣٩ ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری وەرزشیان دامەزراند و تیپێکی تۆپی پێیان بەناوی "کوردستان" پێکهێنا، لەخولێکی تۆپی پێدا لە ساڵی ١٩٤٠ هاندەرانی هاواریان دەکرد "یەڵڵا کوردستان، پەلامارده کوردستان، بژی کوردستان"، لەڕۆژنامەکانیشدا بڵاوکرایەوە کە کوردستان سەرکەوت، ئەم دۆخە کەمالیەکانی زۆر نیگەران کرد، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی باڵیۆزی تورکیا لە دیمەشق فشار بخاتە سەر لێپرسراوانی فەرنسا و سوریا بە داخستنی ئەو تیپە وەرزشیە (علي صالح ميراني، 2004، ص56-57)، (نورەدین زازا، 2012، ل145).

لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ڕەزا شا، لایەنی پەروەردە پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینی بەراورد بە ساڵانی پێشتر، ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی گەیشتە٢٣٣٠ قوتابخانە کە ٢٨٧٢٤٥ قوتابی وانەیان تێدا دەخوێند، لەهەمان ساڵدا ژمارەی قوتابخانەی ناوەندی گەیشتە ١١٠ قوتابخانەی حکومی و ٢٤١ قوتابخانەی تایبەت کە ٢٨٢٩٤ قوتابی وانەیان تێدا دەخوێند، لە هەمان کاتدا ڕەزا شا بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە لایەنی پەروەردە بدات،پێنج سەد قوتابی ناردە دەرەوە، بە مەبەستی پێشخستنی وڵات(ابراهیم خلیل احمد و خلیل علي مراد، 1992، ص139)، دوای تەواوکردنی خوێندن، گەڕانەوە وڵاتی ئێران و دابەشی سەر دەزگاکانی دەوڵەت کران(سیروس غنی، 1378، ص419). سەرەڕای ئەم پەرەسەندنە بەردەوامانەی لەبواری پەروەردەدا لە ئێران هاتە دی، کەچی لە ناوچە کوردیەکان، سیاسەتێکی توندی ڕەگەزپەرستانە پیادە دەکرا، زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکان قەدەغە کرا(کمال مظهر احمد،1985، ص225)، جیاوازیەکی زۆر دەکرا لەنێوان کوردستان و ناوچەکانی تر، شاری کرماشان لەساڵی ١٩٤٠ لەکۆی ٤١٣٥٧ ژن تەنها ٤٣٩١ ی خوێندەوار بوون، لەنێو پیاوانیشدا لەکۆی ٤٧٢٦٥ تەنها ١٢٣٤٧ کەس خوێندەواریان



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

هەبووە، واتا لەشاری کرماشان کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٨٨٦٢٢ کەس دەبوون تەنها ١٦٨٣٨ کەس خوێندەواری هەبوو، شاری سنەش بەهەمان شێوە ڕەوشی خوێندن تێیدا زۆر دواکەوتوو بوو، لەم شارە گەورەیەدا تەنها دوو قوتابخانەی ناوەندی و دوو قوتابخانەی سەرەتایی لێ بوو، ئەوانەی دەرسیان تێدا دەگووتەوە کەسانی نەزان و بێ ڕەوشت بوون کە دەوڵەت بە مەبەست کردبوونیە پەروەردە کەری منالّی کورد، لەناوچەکانی ئیلام و لورستانیش ڕەوشی خوێندن باشتر نەبوو لەناوچەکانی تر، ژمارەی دانیشتوانی لوڕستان نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەبوون، بەدەگمەن خوێندەواریان تێدا بوو(یاسین سەردەشتی، 2011، ل132)،قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی جگە لە شارە گەورەکان، لە شارۆچکە و گوندەکاندا یەکجار کەم بوون، تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی تەواوی ناوچەکانی " سەردەشت، سەقز، بانە، شنۆ، نەغەدە، بۆکان....هتد" بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانیان کە زیاتر لەیەک ملیۆن کەس دەبوون، تەنها یەک قوتابخانەی ناوەندی لێ بوو، سەبارەت بە قوتابخانەی سەرەتایی، لە مهاباد و گوندەکانی دەوروبەری کە زیاتر لە ٦٥٠ هەزار کەس دەبوون، تەنها ٥ قوتابخانەی سەرەتایی تێدا بوو(ڕێواز فەتاح محەمەد صالح، 2017، ل10)، ڕووداوەکانی ورمێ لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و دەست خستنە ناو کاورباری ناوچەکەو دروست کردنی ئالۆزی لەلایەن تورکیاوە بە درێژایی جەنگی دووەمی جیهانی، دۆخی پەروەردەی تووشی دواکەوتن کردبوو، لە سالّی ١٩٤٤ دەوڵەتی ئێران وەزیرێکی ناردە کوردستان بە مەبەستی بەدوادا چوون بۆ ئەو ئالۆزیانە، ڕۆشنبیرانی مهابادیش ئەو سەردانەیان بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی داوا لە لە حکومەت بکەن پەرە بەلایەنی پەروەردە بدات و داهاتی ناوچە کوردیەکان هەر لە کوردستان خەرج بکرێتەوە، بەشێک لەو داهاتەش بۆ بواری پەروەردە و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان تەرخان بکرێت، بەڵام بەهۆی بێ هێزی دەوڵەت لەناوچەکە، ئەو داواکاریانە جێبەجێ نەکران(خەلات مووسا یووسف، 2006، ل106-107).

لەکۆتاییدائەگەرچی هەردوو دەوڵەت لە ڕێگای پەروەردە و خوێندنەوە هەوڵێکی زۆریاندا بۆ تواندنەوەی ڕۆشنبیری و زمان و کەلتوری کورد و سڕینەوەی وشەی کورد و کوردستان لە نوسراوو سەرچاوەکان، بەڵام گەلی کورد هەر بە زیندوویی مایەوە. لە تورکیا سەرەڕای ڕاگواستنی کورد بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و قەدەغەی زمانی کوردی لە قوتابخانە و زانکۆو پەیمانگاکان، بەڵام بیری ئازادی لەناو توێژی ڕۆشنبیران و قوتابیانی کورد، ئەوانەی لەدەزگا پەروەردەییەکانی تورک هەولّی بەتورک کردنیان درابوو، سەری هەڵدا و لەچەندین ڕاپەڕینی یەک لەدوای یەکدا بوونە سەرکردەو ڕابەر(جیرارد جالیاند، 2012، ص69)، لە ئێرانیش ڕەزا شا هەوڵێکی زۆری دا لە بەفارس کردنی ناوچە کوردیەکان و هەرچی دەزگای زانستی و پەروەردەیی و



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ڕۆشنبیری هەبوون خرانە خزمەت ئەو پرۆسەیە، کەچی لەم وڵاتەشدا حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان سەرکەوتوو نەبوون لە توانەوە و لەناو بردنی مێژوو و ڕۆشنبیری و پەروەردەی گەلی کورد، جگە لە بەشێکی کەم نەبێت کە کاریگەر بوون بەم فاکتەرانە و بوونە پاشکۆی دەسەڵاتی شاکانی پەهلەوی.

## دەرەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەیەدا گەیشتینە ئەو چەند ئەنجامانەی خوارەوە:

- ڕەوشی تەندروستی لە کوردستان بەهۆی کاریگەری سیاسەتەکانی تورکیا و ئێران و ڕەنگدانەوەیان لەسەر پەیوەندیەکانی نێوانیان، تووشی گرفتێکی قوڵ بۆوە، هەریەک لەو دوو دەوڵەتە، بە ئامانجی لەناوبردنی گەلی کورد، چەندین ڕێگایان گرتە بەر، لەپاڵ ئەوەشدا جیاوازیەکی زۆر دەکرالەگەڵ ناوچەکانی کوردستان، بە بەراورد بە ناوچە تورک نشینەکان، لە ڕووی دابینکردنی پزیشک و داو و دەرمان.

- ئەو جوڵانەوە و ڕاپەڕینەکانەی لەناو دانیشتوانی کوردستان سەریان هەڵدا، ئەوەندەی تر دەرفەتی دابووە هەردوو دەوڵەت، تاوەکو کوردستان لە خزمەتگوزاریەکان فەرامۆش بکەن، بەتایبەتی لایەنی تەندروستی و خوێندن، ڕاگواستنی دانیشتوانیش لە کەش و هەوایەکی سەخت و نالەباردا بۆ ناو قوڵایی تورکیا و ئێران وای کرد جۆرەها پەتا و نەخۆشی بڵاو ببێتە، ئەو دوو وڵاتەش بێباک بوون لە چارەسەر کردنی ئەو ڕەوشە، لە ئەنجامدا بەشێکی زۆری ژن و مناڵ لەناو چوون.

- لە ڕووی خوێندنیشەوە کوردستان لە ژێر کاریگەری و پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات توشی دواکەویی بۆوە، چونکە تورکیا و ئێران بە هاتنەسەر کاری مستەفا کەمال و ڕەزا شا، لەڕێگای پرۆسەی پان تورکیزمی کەمالی و پان ئێرانیزمی پەهلەوی دەستیان کرد بە تواندنەوەی گەلی کورد، سەرەتا قوتابخانە کوردیەکانیان داخست، پاشان زمانی کوردیان لە خوێندن و پەروەردەدا قەدەغە کرد، ئەمەش وایکرد دۆخی پەروەردە لە کوردستان بەدواکەوتوویی بمێنێتەوە.


DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

- سیاسەتی توندی هەردوو دەوڵەت، کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ڕەوشی خوێندن لە کوردستانی بن دەستی تورکیا و ئێران دروست کردبوو، ئەوانەی ڕاگواستران بۆ ناو قوڵایی هەردوو دەوڵەت، تێکەڵی کەلتوری تورک و فارس بوون و بەشێکی زۆریان خرانە بەر قوتابخانەی تورکی و فارسی،بەمەش بەشێکی زۆری کورد لە خوێندن و زمانی دایک دابڕا، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان ڕۆشنبیری کورد لەو قوتابخانانە پەروەردە بوون و دواتر بوون بە ڕابەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

أ- بە زمانی کوردی


١- شـوانی، ئـاکۆ عەبـدولکەریم(2002)، شـاری سـلێمانی (١٩١٨- ١٩٣٢)، چاپخـانەی زانسـت، سلێمانی.

٢- مستەفا، ئامانج ئەحمەد(2017)، خزمەتگوزاریە گشتیەکانی شاری ڕەواندوز لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣- ١٩٥٨)، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە(٣٧)، چاپخـانەی زانکـۆی سـەلەحەدین- هەولێر.

٣- بێشکچی، ئیسماعیل(2000)، تێزی تورک بۆ مێژوو تیۆری زمانی خۆر و کێشـەی کورد، و: ئاسۆس هەردی، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٤- بێشـکچی، ئیسـماعیل(2008) ، کوردسـتان کۆلۆنیـایەکی نێـودەڵەتی، و: ڕێبـوار ڕەشـید، ئەستەنبوڵ.

٥- سـندی، بەدرخـان(2008) ، کۆمەڵگـای کـوردی لە دیـدی ڕۆژهەڵاتناسـیدا، و: د. ئیسـماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپخانەی خانی، دهوک.

٦- شـێرکۆ، بلـەچ(1990) ، کێشـەی کورد مێژینە و ئێسـتای کـورد، و: محـەمەد حەمە بـاقی، چ٢، چاپخانەی ڕەزائی، تەورێز.

٧- بیلال، ن. شمشێر(2002)، بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشـەی کوردی تورکیاوە (١٩٢٤- ١٩٣٨)، و: سەلمان عەلی، چاپخانەو ئۆفسێتی ئاسا، سلێمانی.

٨- تۆمابوا، ژیانی کوردەواری، و: محمد سعید حمەکریم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی،١٩٨٠.

٩- جەلیـل، جەلیلـی(2000) ، بیرەوەریـی عەبـدولڕەزاق بەدرخـان، و: شـوکور مسـتەفا، چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٠- نەبەز، جەمال(1998) ، کوردستان و شۆڕشەکەی، و: کوردۆ، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.




DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR **Vol. 6, No.1, June. 2019**

١١-جیمس بیللی فریزەر، گەشتەکەی فریزەر بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا لەساڵی ١٨٣٤، و: ئومێد ئاشنا، سلێمانی.
١٢- مستەفا، حەسەن ئەحمەد(2008) ، تونێلە گەرمەکانی سیاسەت، چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٣- یووسف، خەلات مووسا(2006) ، زمانێ نەتەوەیی د تەڤگەرارزگاریخوازا کوردی دا، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر .
١٤- خەلیقی، حوسێنی(1992)، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.
١٥- دێرک کینان، کوردو کوردستان لەنێوان بەرداشی داگیرکەراندا، و: سەلام ناوخۆش، چ٣، ب.چ، هەولێر، ٢٠٠٧.
16- فاید، ڕەجائی(2010)، کوردەکانی عیراق "هیواو ئاوات لە نێوان بەدیهاتن و بەدینەهاتن"، و: عەلی مەرزا عارف هەورامی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١7- تۆفیق، زرار صدیق(2014)، کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
١8- شالیان، ژێرار(2010) ، تراژیدیای کورد (ڕاپۆرتێک بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان)، و: وریا ڕەحمانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١9- ئەمین، سالح محەمەد(1992) ، کورد و عەجەم "مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران"، ب.چ، بەغداد.
20- خەسباک، شاکر(2005)، کورد و مەسەلەی کورد، و: ئەمجەد شاکەلی، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢1- شکاک، عەبدولقادر(2014)، کورد لە مێژووی ڕوداوەکانی سەردەمدا (١٩٣٠-١٩٦١)، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.
٢2- قاسملو، عبدالرحمن(1973)، کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری)، و: عبدالله حسن زادە، بنکەی پێشەوا.
٢3- شەمزینی، عەزیر(2006)، جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
٢4- بورکای، کەمال(2008)، کورد و کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا کۆتەیی جەنگی یەکەمی جیهانی، و: عەلی فەتحی، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢5- محەمەد ئەمین، کامەران ئەحمەد (کامەران مەنتک)(2000)، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠- ١٩٣٢ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢6- حاجی، کامەران محەمەد(2007)، کوردستان لە بازنەی کێشەی ڕۆژهەلاتدا ١٨٠٠- ١٩٠٠، بەڕیوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢7- ریچ، کلۆدیۆس جێمس(2002)، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
٢8- بـوورزوویی، موجتەبـا(2005)، بـارودۆخی سیاسـی کوردسـتان (١٨٨٠-١٩٤٦)، و: نازنـاز مەحمود عەبدولقادر و ئەوانی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢9-م. ئە. حەسرەتیان(2007)، یاسا دەستوریەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، و: دلێر ئەحمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
30- هاوار، محمد رسول(2006)، کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، چ٢، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەو وەرگێڕان، ب.ش،چ.
٣1- جەڵدیانی، موحسین(1395)، مێژووی زارەکی سیستەمی پەروەردەی شنۆ(١٣٠٥- ١٣٦٠)، تاران.
٣2- هانزێلکا، میرۆسلاڤ زیکمۆند و ژیری(2013)، کوردستان وڵاتی ڕاپەڕین و ئەفسانەو هیوا، و: فەرهاد شاکەلی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٣3- زازا، نورەدین(2012)، ژیانی کوردەواریم، و: باست حەمە غەریب، چ٢، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٣4- جوەیدە، وەدیع(2008)، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
35- سەردەشتی، یاسین(2007)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
٣6- سەردەشتی، یاسین(2011)، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگارییخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩- ١٩٧٩) ،چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

## ب-کتێب بە زمانی عەرەبی

١- مراد، ابراهيم خليل احمد و خليل علي(1992)، ايران وتركيا دراسات في التاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر،الموصل.
٢- حصاف، اسماعيل محمد(2009)، كردستان والمسالة الكردية، مطبعة خاني، دهوك.
3- قادر، جبار(2006) ، قضايا كردية معاصرة (كركوك، الانفال، الكرد والتركيا)، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
4- فتح الله، جرجيس(2002)، يقضة الكرد (1900-1925)، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
5- جليل، جليلي و اخرون(2012)، الحركة الكردية الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: د. عبدي حاجي، مطبعة خاني، دهوك.
6- جليل، جليلي(1986)، نهضة الاكراد الثقافية والقومية في نهاية التاسع عشر وبداية القرن العشرين، ت: د . ولاتو كدر، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت.

7- الجواري، جهاد صالح العمر و اسعد محمد زيدان(د.ت) ، ايران في عهد رضا شا بهلوي، جامعة البصرة.
8- جاليان‌د، جيرارد(2012) ، المسالة الكردية، ت:عبدالسلام نقشبندي، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
9- عيسى، حامد محمود(2002)، القضية الكردية في تركيا، مطبعة عربية للطباعة والنشر، القاهرة.
10- كينزر، ستيفن(2012)، ايران و تركيا ومستقبل أمريكا العودة الى الصفر، ت: انطوان باسيل، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت.
١1- عمر، شيركو فتح الله(2004)، الحزب الديمقراتي الكردستاني وحركة التحرر القومي الكردية في العراق (1946- 1975)، مطبعة رون، السليمانية.
١2- ميراني، علي صالح(2004)، الحركة القومية الكردية في كردستان سوريا (1946- 1970)، مطبعة وزارة التربية، اربيل.
١3- الكردي، علي عظم محمد(د.ت)، ملامح العلاقات الايرانية-التركية عهد رضا شا بهلوي (1925- 1941)، جامعة كوفة.
١4- احمد، كمال مظهر(1985)، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، الامانة العامة للثقافة والشباب لمنطقة الحكم الذاتي، بغداد.
١5- احمد، كمال مظهر(1984) ، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت: محمد الملا عبدالكريم، ط2، دار افاق العربية للطباعة والنشر، بغداد.
١6- محمد، كوران سلام(2016)، القضية الكردية في العلاقات التركية – الايرانية (1918- 1939 )، جامعة المنصورة.
١7- بروينسن، مارتن فان(2006)، الاكراد وبناء الامة، مطبعة الفرات للنشر والتوزيع، بغداد- بيروت.
18- مالميسانژ(1998)، بدرخانيو جزيرة بوتان، ت: شكور مصطفى، اربيل.
١9- محمد، محمد كامل(1988)، انعكاسات ميثاق سعد اباد على العلاقات العراقية الايرانية، مجلة دراسات ايرانية، المجلد الثاني، العددان (١، ٢)، مركز الدراسات الايرانية، جامعة البصرة.
20- م. س. لازاريف(2006)، تاريخ كوردستان، ت: د. عبدي حاجي، دار پيريَز للطباعة والنشر.
21- م.س. لازاريف(2006)، النضال والايخفاق المسالة الكردية في سنوات 1923- 1945، ترجمة: صادق الجلاد، بنكەی ژين، السليمانية.
٢2- عقراوي، منهل صالح عبدال واخرون(2014)، العلاقات التركية – الايرانية (1923- 2003) دراسة في العلاقات السياسية والاقتصادية ، دار الغيداء للنشر والتوزيع، د. م . ط .
٢3- م. جونتر، ميخائيل(2007) ، الاكراد ومستقبل تركيا، ت: د. سعاد محمد ابراهيم خضر، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، سليمانية.

٢4- مصطفى، نازدار جليل(د.ت) ، البيئة الثقافية في كوردستان في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢5- باجلوری، نيژيار نعمان(2007)، الحركة القومية الكردية التحررية في كردستان تركيا 1927-1931، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك.
٢6- رضوان، وليد(2006)، تركيا بين العلمانية والاسلام في قرن العشرين، شركة مطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت.
٢7- صلواتي، ياسين(2001) ، الموسوعة العربية الميسرة والموسوعة، مؤسسة تاريخ العربي، ج (1)، بيروت.

### ج- بە زمانی فارسی

١- غنی، سيروس(1378)، ايران بر امدن رضا خان بر افتادن قاجار و نقش انگليزها، ت: حسن كامشاد، چ٢، چاپ گلشن، تهران.
٢- زاده، منصور حمدالله(1389) ، سرزمين مانائيها (با نگاهی كوتاه به تاريخ اذربايجان و ايران)، انتشارات بهجت،تهران.

### د- بە زمانی توركی

1- Gökhan Çetınsaya، ''Atatürk، Dönemı Türkıye- Iran llışkılerı 1926- 1938''، AvrasyaDosyasi، Cilt. 5، sayi،3، Sonbahar 1999.

## دووەم: نامەو تێزی زانكۆیی:

## 1- تێزی دكتۆرا

### أ- بە زمانی كوردی

١- كاكەسور، محمد عبدالله(2003)، گەشەكردنی خوێندنی فەرمی لە لیواكانی كوردستانی عیراقدا (١٩٢١- ١٩٥٣)، نامەی دكتۆرا (بڵاوكراوە)، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر.
٢- سالح ،ئازاد عوبێد(2008)، ڕۆڵی سیاسی و كارگێڕی و ڕووناكبیری مەعروف جیاوك (١٨٨٥-١٩٥٨)، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر.

### ب- بە زمانی عەرەبی

1- عبد، راهي مزهر(2008)، مسعود محمد ودوره السياسي والاداري في العراق (1919-1958)، اطروحة دكتوراه، تقدم بها الى مجلس معهد التاريخ العربي والتراث العلمي للدراسات العليا، جامعة الدول العربية العامة لاتحاد المؤرخين العرب.

## 2- نامەی ماستەر:

**أ- بە زمانی کوردی**

١- سـەعید، ئیسـماعیل عەبـدولڕەحمان(2009) ، ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی (١٩٠٦- ١٩٤١)، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

٢- حـاجی، ڕێبـین سـەعید مەلا(2015) ، سـەید تەهـای نەهـری "١٨٩٢- ١٩٣٩" ڕۆڵـی سیاسی و کارگێڕی، نامەی ماستەر ( بڵاو نەکراوە)، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

٣- صـالح، ڕێـواس فەتـاح مـحەمەد(2017) ، سیاسـەتی حکـومەتی ئێـران بەرانـبەر هەردوو کۆمـاری کوردسـتان و ئازەربایجـان (١٩٤٦- ١٩٤٧)، نـامەی ماجسـتێر (بڵاونەکـراوە)، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی

**ب - بە زمانی عەرەبی**

١- احمد، احمد عبدالباقي(1989) ، الدور السياسي للقوميات في تركيا الاكراد (دراسة حالة)، رسالة ماجستير، الجامعة المستنصرية.

٢- محمد، فوزية صابر(1985) ، ايران بين الحربين العالميتين ( تطور السياسة الداخلية 1918- 1939 )، رسالة ماجستير( منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد.

٣- النورة، ماهر حامد جاسم(2004)، المدارس الاهلية والاجنبية في الموصل خلال العهد الملكي (1921- 1958)، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الموصل.

## سێیەم- گۆڤارەکان

أ- بە زمانی کوردی

١- حاجی، زریان(2005)، عەبدولڕەزاق بەدرخان و چمکێ لە ژیاننامە و چالاکیە سیاسی و ڕۆشنبیریەکانی (١٨٦٤- ١٩١٩)، گۆڤاری هازارمێرد، ژمارە(٢٦)، سلێمانی.

٢- مستەفا، کەمال عەلی و د. سۆزان کەریم(2013)، بەراوردێکی نێوان کەمالیزم و بەعسیزم لەگەڵ فاشیزم و نازیزمدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٢٩).

**ب/ بەزمانی عەرەبی:**

٣- مصطفى، نازدار جليل(د.ت)، البيئة الثقافية في كوردستان في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

## چوارەم: ڕۆژنامەکان

أ- بە زمانی کوردی

1- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە ( ٩٦، ٩٧، ٩٩ )، ١٩٢٢.

ب- بە زمانی تورکی

)[1](Milliyet، 16/9/1930، Ankara)

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لایەنی تەندروستی و خوێندن لە چوارچێوەی پەیوەندی و ململانێی نێوان تورکیا و ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ – ١٩٤٥ لەخۆدەگرێت، لەو ماوانەداخەڵکی کوردستان لە دۆخێکی خراپی تەندروستیدا دەیان ناڵاند، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی تورکیا و ئێران، ئەم دوو دەوڵەتە هیچ گرنگیان بە دۆخی تەندروستی ناوچە کوردیەکاننەدەدا،بەپێچەوانەی ئەو ناوچەکانی تورک و فارسی تێدا نیشتەجێ بوون، لەم ناوچانە خزمەتگوزاری تەندروستی لە پزیشک و داوو دەرمان باشتر بوو، دۆخی خوێندنیش بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی بەرچاو لە پاشەکشێدا بوو، خوێندن لە ناوچەکانی کوردستان بەزمانی کوردی قەدەغە بوو، جگە لەوە، لە ئەنجامی سیاسەتی ڕاگواستن کە هەردوو دەوڵەت بەرانبەر دانیشتوانی کوردستان گرتیانە بەر، بووە هۆی لاواز بوونی داب و نەریت و کەلتوری کورد. هەموو ئەو هۆکارانە پاڵیان پێوەنام تاوکو بە قوڵی بچمە ناو ئەو توێژینەوەیە.

## ملخص البحث

يتناول هذا البحث عن اثر العلاقات التركية – الايرانية على الجانبين الصحي والتعليمي في كردستان خلال الفترة (1923 – 1945)، فقد عانى أهالي كردستان من وضع الصحي متدهور ولا سيما تلك المناطق الواقعة تحت حكم الدولتين التركية والايرانية، حيث أهملة هاتان الدولتان الجانب الصحي في المناطق الكردية خصوصا، بعكس المناطق التي يقطنها الاتراك والفرس، ففي هذه المناطق توافرت الخدمات الصحية والأطباء واللأدوية وما شابه ذلك، كذلك الحال فيما يخص الجانب التعليمي في كردستان حيث شهد تراجعا حادافي عذا المجال، فقد منعت الدراسة باللغة الكردية، فضلاعن ذلك



DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019

ونتيجة لسياسة الترحيل التي أستخدمها الدولتان بحق الكرد أدى لتراجع الأداب والأعراف والتقاليد الكردية، ان هذه الأسباب مجتمعة دفعتنا للخوض في هذا البحث.


## Abstract

This research paper contains health and education systems in the framework of relationships and hostilities of Iran and Turkey between years of 1923 – 1945. During that period of time، the people of Kurdistan were suffering from bad health situation especially the ears which were under the control of Iran and Turkey. These two states had neglected the health situation in the Kurdish areas، on the contrary the Persian and Turkish areas were provided with health services. In addition، the education system was ignored in Kurdistan and education in Kurdish language was prohibited. Furthermore، due to the population displacement policy by the two states against Kurdish people the Kurdish culture was weakened. All these factors together deeply pushed me to conduct that research.




DOI: https://doi.org/10.26750/vol(6).no(1).paper26 http://journal.uor.*edu*.krd/index.php/JUR Vol. 6, No.1, June. 2019